گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 5, No. 4, pp. 949–958, December.-2017
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# بارودۆخی سیاسیی دەڤەری زاخۆ لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی تا رووخانی دەوڵەتی جەلائیری (656/ 814ك/ 1258 _ 1411ز)

رابیعە فەتاح شێخ محەممەد
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێما کوردستانێ–عێراق. (rabeah1972@yahoo.com)

تاريخ الاستلام: 2017/09 تاريخ القبول: 2017/12 تاريخ النشر: 2017/12 https://doi.org/10.26436/2017.5.4.488

**پوختە:**

دەڤەری زاخۆ (حەسەنییە) و قەڵاکانی دەوروبەری لە سەردەمی هەردوو دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی و جەلائیری(656_ 814ك/ 1258_ 1411ز لەرووی ئیدارییەوە سەر بە عەمادییە بووە، کە نزیکترین قەوارەی سیاسیی دەڤەرەکە بووە، عەمادییەش سەر بە ولاتی هەکاری بووە.ژمارەیەك خێڵی گەورەی کوردی وەکو خێڵی سندی و مەهرانی و سینی و رەهزادی و تیرەی دیکەی لەخۆگرتووە. هەروەها چەندان قەڵا و دژی خاوەن سەربەخۆی خۆیان لێ بووە، لەوانە قەڵای حەسەنییە و شابانی (شەعبانی) و زەعفەران و باجلایا و ئەردەمشت و کەواشی و شرانش و رابیە و ئەلقی و فەرەح و سروە و جەراحیە و سەرباری هەندێ قەڵای بچووکی دیکە.

لە سەروبەندی هێرشەکانی مەغۆل و دوای رووخانی بەغدا لە ساڵی (656ك/ 1258ز) قەڵا و دژەکانی دەڤەری زاخۆ رووبەرووی شالاو و هێرشەکانی مەغۆل نەبووەتەوە، چونکە لە ژێر نفووزی ئەتابکییەتی موصل بووە، لەبەر ئەوە وەك چۆن بەدرەددین لوئلوئی حاکمی موصل وەلائی بۆ مەغۆل راگەیاندووە و عزەددین ئایبەك حاکمی عەمادیەی نوێنەری ئەویش وەلائی راگەیاندووە، کە قەڵاکانی دەڤەری زاخۆ سەر بەو بوون.لەگەڵ ئەوەی میر و سەرکردەی خێڵەکان بە تایبەتی مەهرانی رooویان لە دەوڵەتی ئەیوبی کردبوو، کەچی خێڵی دیکە توانی شوێنی بگرێتەوە بە تایبەتی خێڵی سندی، کە خاوەنی چەکداری زۆر بووە. کۆتاییەکانی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی لە عەمادییە میرگەیەکی سەربەخۆ دروست بوو، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی وجودی قەڵا و دژە سەربەخۆکانی دەڤەری زاخۆ و کزبوونی رۆڵی دەوڵەتی مەرکەزی وای کرد لە سەردەمی دەوڵەتی جەلائیری سوپا و چەکداری سەربەخۆی تایبەت بە قەڵا و خێڵی هەبوون، کە راستەوخۆ پابەندی بریاری میری قەڵا و دژەکان بوون.

**پەیڤێن سەرەکی:** قەڵاکانی زاخۆ، میرگەی مەهرانی، خێڵی سندی، دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی، دەوڵەتی جەلائیری.

## 1. پێشەکی

هەردوو سەردەمی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی و جەلائیری نزیکەی زیاتر لە سەدە و نیوێك لە کوردستان حوکمیان گێراوە، لەو سەردەمەدا گۆرانکاریی گەورە لە جیهانی ئیسلامی رووی دا. بە هۆی رووخانی خەلافەتی عەبباسی و کزبوونی چالاکی ئەیوبییەکان لە ناوچەکە، مەرکەزییەتی سوننە چ لە رووی ئاینیی و چ لەرووی سیاسی رووی لە پاشەکشە کرد، لە کاتێکدا کورد بەتەنگ مەرکەزییەتی ئاینیی و سیاسیی سوننەوە بووە، لەبەر ئەوە ئەو بارودۆخە لە هەردوو رووە کاریگەریی بەسەر کورد و کوردستانەوە هەبووە.

لە راستیدا تۆژینەوە لە دەڤەری زاخۆ لە سەردەمی ئەودوو دەوڵەتەدا کارێکی قورس و سەختە، چونکە ژێدەرەکانی دەرباری هەردوو دەوڵەت بە زمانی فارسییە و گوزارشتیان لە بیروبۆچوونی دەسەلاتداران کردووە، سەرباری ئەوەی زیاتر چالاکی سیاسی و سەربازیی ئەوانیان نوسیووەتەوە، بۆیە دەبێ لە نێو ژێدەرەکانی دیکەی بۆ بگەڕێین، کە ئەویش ژێدەرەکانی دەوڵەتی مەملوکییە، ئەوانیش لێرە و لەوێ و ناو بە ناو باسی دەڤەرەکەیان کردووە، کە ناتوانین وێنەیەکی بەرچاو و تەواو بخەینەروو. بۆ ئەوەی بتوانین وێنەیەکی تاڕادەیەك دروست لەسەر دەڤەرەکە بخەینەروو، دەبێ رووداوەکانی ولاتی هەکاری و موصل و جزیرە لەبەرچاو بگرین و ئەوەی سەبارەت بە دەڤەرەکە هەیە لەگەڵی بەراورد بکەین و سەرنجەکان لەو دەروازەوە دەربخەین.

دەبێ ئەوەش بخەینە روو کە تۆژەرانی کورد لەم دواییانە هەوڵی جدییان داوە تا لێکۆڵینەوەی باش دەربخەن، بە تایبەتی لەبارەی رۆڵی کورد لە مێژووی ئیسلامی، کە توانیویانە گەلێ لایەنی تاریکی دەڤەر و خێڵ و قەڵا کوردییەکانیان بخەنەروو، ئەوانەش سەرباریکن بۆ ئەوەی تۆژینەوە لە دەڤەرەکانی کوردستان روونتر بێتەوە.

## 2. لەبارەی جوگرافیای دەڤەری زاخۆ

دەستنیشانکردنی سنووری دەڤەری زاخۆ لە نێو ئەو هەرێم و ناوچانەی دەوری داون لە هەردوو سەردەمی مەغۆلی ئیلخانی و جەلائیری کارێکی قورس و زەحمەتە، چونکە درێژایی مێژوو زۆر گۆڕانکاریی سیاسی و عەسکەریی بەسەر دەڤەرەکە هاتووە. بە تایبەتی کەوتبوە نزیك سنووری دەوڵەتی مەملوکی کە بەردەوام لە ململانێ دا بووە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئیلخانی و جەلائیری.

بولدانی و مێژوونووسان لە چوارچێوەی وڵاتی هەکاری باسیان لە دەڤەری زاخۆ کردووە، جێگەی سەرنجە بە ناوی دژ و قەڵا و خێڵ و گوندەکانیەوە ناوی هاتووە، بە تایبەتی ناوی حەسەنییە، نەك ناوی زاخۆ. یاقوت حەمەوی(مردووە 627ك/ 1229ز) باسی کردووە کە هەکاری بریتییە لە " شار و دەڤەر و گوندان لە سەرەوەی موسڵ لە وڵاتی جزیرەی ئیبن عومەر کوردان لێی ئاکنجی بوون، کە پێیان دەڵێن هەکارییە"(1). هەروەها ئیبن ئەسیر(مردووە 630/ 1232ز) ی مێژوونووس "ویلایەتی هەکاری بە چەندان دژ و قەڵا و گوندی سەر بە موسڵ لە قەڵەم داوە"(2). دەڤەری زاخۆ کەوتوەتە رۆژئاوای وڵاتی هەکاری و باکوری رۆژهەڵاتی موسڵ و بەشی رۆژهەڵاتی جزیرەی ئیبن عومەر، بولدانی و مێژوونووسان بە دیاریکراوی نەیانناساندووە ، بەڵکو شوێنی قەڵا و دژ و خێڵەکانی ئەو ئاماژەیەی پێداوین. لەبەر ئەوەیە دەڤەری زاخۆ بەشێکە لە ناوچەی بادینان، بادینانیش بەشی زۆری وڵاتی هەکاریی پێکهێناوە(3).

دوو هۆکاری گرنگ لەو سەردەمەدا کاریگەرییان لەسەر جوگرافیای بەشەری دەڤەری زاخۆ هەیە، کە نابێت پشت گوێیان بخەین، یەکەمیان وجودی ژمارەیەك لە خێڵی گەورەی کوردی لە دەڤەرەکە، لەوانە خێڵی هەکاری و سندی و مەهرانی و سینی و رەهزادی و تیرەی دیکە. دووەمیان وجودی چەندان قەڵا و دژ، کە توانیویانە ئیدارەی ناوخۆیان بەدەستەوە بێ، لەوانە قەڵای حەسەنییە و شابانی (شەعبانی) و زەعفەران و باجلایا و ئەردەمشت و کواشی و شرانش و رابیە و ئەلقی و فەرەح و سروە و جەراحیە و محەممەدییە و سەرباری هەندێ قەڵای بچووکی دیکە.

لە راستیدا دەڤەری زاخۆ لەرووی جوگرافییەوە قەڵا و دژە سەربازییەکانی بەردەوام لەلایەن میر و سەرکردە کوردەکان بەرێوەبراون، لەوانە میرگە و قەڵاکانی مەهرانی و بوختی و هەکاری و سندی و هی دیکە(4) ، کە لە گۆڕەپانی سیاسیی ناوچەکە لە رووداوەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی دەوروبەریان رۆڵیان هەبووە، یا ئەوەتا میرگەی سەربەخۆ لە غیابی دەوڵەتی مەرکەزی لە جوگرافیایەکی دیاریکراو و دوورە دەستی دەوڵەتی مەرکەزی رۆڵیان هەبووە.

## 3. دەڤەری زاخۆ لە سەروبەندی هێرشەکانی مەغۆل

دەوڵەتی خوارزمی(5) لە رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی بەهێزترین دەوڵەتی ئیسلامی سەردەمی دوادواییەکانی خەلافەتی عەبباسی بوو، لە ساڵی (616ك/ 1219ز) سوپای مەغۆلی بەسەرکردایەتیی چەنگیزخان(6) رووخاندی، بەمەش دەروازەکانی جیهانی ئیسلامی لەبەردەم سوپای مەغۆلی واڵابوو، بەتایبەتی بەغدای پایتەختی ئایینی موسڵمانان و دەوڵەتە دابەشبووەکەی ئەیوبی.

هۆلاکو نەوەی چەنگیزخان پێش ئەوەی بە سەرکردایەتیی سوپایەك بنێردرێتە ئێران و عیراق و کوردستان و ئاسیای بچووك، مەغۆل یازدە هێرش و هەڵمەتی بە مەبەستی ئیستتلاعی و سەربازیی بۆ کوردستان هێنابوو(7). نەخشەی سیاسیی ناوچەکە دەوڵەتێکی بەهێزی وای لێ نەبوو تا رووبەرووی مەغۆل بێتەوە، لەبەر ئەوە سوپای مەغۆل بە ئاسانی دەیتوانی سەرەتا ڕاو رووت و تالان و دواتر ئابلۆقەی شار و قەڵاکانی کوردستان بدا.

لەو سەروبەندەدا وڵاتی هەکاری و قەڵاکانی حەسەنی و مەهرانی و هی دیکەی دەڤەرەکە کەوتە نێو ململانێی هەر سێ هێزی ئەتابکییەتی هەولێر و ئەتابکیەتی موصڵ و میراتی دەوڵەتی ئەیوبی، هەروەها میر و پیاوانی هەکاری لە لایەکی دیکە هەوڵیان دا تا دەسەڵات وەرگرنەوە کە پێشتر عیمادەددین زەنگی(521_ 539ك/ 1127_1144ز) داگیری کردبوو، بەڵام دواجار وڵاتی هەکاری لە سەروبەندی هێرش و داگیرکارییەکانی مەغۆل بۆ جیهانی ئیسلامی لە ژێر نفووزی ئەتابکییەتی موصڵ یەکلابوویەوە، بە تایبەتی قەڵاکانی دەڤەری زاخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی نوێنەرانی بەدرەددین لوئلوئی حاکمی موصڵ(8) ، چونکە ئەو دەڤەرە بە بەراورد لەگەڵ دەڤەرەکانی دیکەی هەکاری هەم لە مەرکەزی دەسەڵاتی بەدرەدین لوئلوئی حاکمی موصڵ نزیك بووە و هەم لە نفووزی ئەیوبییەکان نزیك بووە، ئەو سەردەم هەردوو لا هاوپەیمانی یەك بوون. لە رووداوەکانی ساڵی (622ك/ 1225ز) ئیبن ئەسیری مێژوونووس باسی لەوە کردووە، کە بە هۆی زەمین لەرزە و باو و بۆران و بەفری زۆر ناوچەکە بەرەو وێرانی چووە لەوانە قەڵای زەعفەران و هی دیکە، دیاریشە حاکمی موصڵ دەڤەرەکەی پشتگوێ خستووە و هیچ بایەخێکی پێ نەداوە(9).

لە هەر یازدە هێرش و هەڵمەتەکانی مەغۆل پێش هۆلاکۆ لە ساڵی (617ك/ 1221ز) تاکو (650ك/ 1252ز) لە ژێدەرەکان لەبارەی هێرشیان بۆ هەکاری و دەڤەری زاخۆ زانیاری دەست ناکەوێ یان نییە، لە هێرشی یازدەمدا لە ساڵی (650ك/ 1252ز) لە ناوچەی جزیرە گەیشتوونەتە حەڕران و روها و میافارقین و دیاربەکر، کە چی باسی هەکاری و قەڵاکانی دەڤەری زاخۆ لە ئارادا نییە، بۆیە زۆر رێی تێدەچێ لەبەر ئەوەی دەڤەری زاخۆ لە ژێر نفووزی بەدرەددین

بووە، وەكو موصـــڵ ڕووبـەڕووی هێرش و داگیركـاریی مـەغۆڵ نەبووەتەوە.

لـە هێرش و هـەڵمـەتی پێش داگیركردنی بـەغدا، مـەغۆل توانیویـە قەوارە و قەلا و میرگە سـیاسـییەكانی دەوروبەری بكاتە ئامانج، تا ڕێگە بۆ ڕووخانی خەلافەتی بەغدا خۆش بكا، لە سـالّی (642ك/ 1244ز) لە هێرشـی بۆ دیابەكر و خابور و ملكەچكردنی حەڕڕان و روها و دواجار بە ئاشـتی ماردینیان گرتووە، میری ئورتوقیی ئەوێ مەلیك ئەلسـەعید نەجمەددین غازیی یەكەم( 637_ 658/ 1239_1259ز) بە شێوەیەكی كاتی ملكەچیی بۆ مەغۆل نیشان داوە، بەڵام دواتر بۆ لای مەمالیكەكان ڕای كردووە(10). پێناچـی لـەو هێرش و هـەڵمـەتـەش دەڤـەری زاخۆ ڕووبـەڕووی داگیركـاریی مەغۆل بوویێتەوە، چونكە ژێدەرەكان باسیان نەكردووە و لە هەمان كاتدا نوێنەرایەتی سـیاسـیی و چـارەنووسـی تا ڕادەیەكی زۆر بە موصڵەوە پابەند بووە.

توژەرێ پێی وایە بە گوێرەی دەقە مێژووییەكان سـەروەری و سـەركردایەتیی سـیاسـیی قەڵا و دژەكانی دەڤەری زاخۆ لە كۆتاییەكانی سەردەمی عەبباسی لە چنگ خێڵی مەهرانی دەرچووە و كەوتوەتە دەسـت سـندییەكان، بە تایبەتی لەو كاتەی زۆربەی سـەركردە و گەورە پیاوانی مەهرانی پێوەندیان بە سـوپای ئەیوبییەوە كردووە و ئەوێیان بۆ سندییەكان جێ هێشتوە(11).

ئەو ئەنجامەی لە سـەروبەندی هێرشـەكانی مەغۆڵ بۆ كوردسـتان لەبارەی قەڵا و دژەكانی دەڤەری زاخۆ دەركەوتووە، كە راسـتەوخۆ ڕووبـەڕووی داگیركـاری نـەبۆتـەوە و زۆربـەی میر و سـەركردەی قەڵاكانیشی لەو سـەردەمەدا پێوەندییان بە ئەیوبییەكان كردووە و ئەوەی ماوەتەوە توانیویەتی خۆی بپارێزێ.

## 4. بارودۆخی دەڤەری زاخۆ لە سەردەمی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی

ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلی پلانی ئەوەی دانا كە دەوڵەت و قەوارەی ئیسـماعیلی و خەلافەتی عەبباسـی و دەوڵەتی ئەیوبی لە ناو ببا، بڕیـار درا هۆلاكۆ ئـەو ئـەركـەی پێ بسـپێردرێ، دوای ڕووخـانی ئیسـماعلییەكان لە سـالّی (654ك/1256ز) لە ئێران، هۆلاكۆ دەوڵەتی عەبباسـی لە سـالّی (656ك/ 1258ز) ڕووخاند، بەمەش رەوشـی سـیاسـی و ئایدۆلۆژی لە جیهانی ئیسـلامی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسـلامی گۆڕانكاری بەسـەردا هات، رەوشـی سوننە لە ئێران و تاڕادەیەك لە عیراق ڕووی لە لێژی كرد، كە كورد لە ڕێگەی دەوڵەتی ئەیوبی یەكێ لە داكۆكیكارانی سـەرەكیی رەوتی سـوننە بوو لـە مێژووی ئیسـلامیدا. هۆلاكۆ دوای ڕووخـانی خـەلافـەتی عەبباسی لە سنووری بەرفرەوانی ئێران و كوردستان و ئەرمەنستان و عێراق و ئاسیای بچووك و هەندێ بەشی وڵاتی دەوروبەری ئەوانە، دەوڵەتێكی فرەوانی بە ناوی مەغۆلی ئیلخانی بنیاد نا و دواجار سەرەتا شاری مەراغە و دواتر نەوەكانی تەورێزیان كردە پایتەخت، لەو نێوەندەدا زۆربەی زۆری كوردسـتان كەوتە ژێر دەسـەلاتی دەوڵەتی ئیلخانی.

لە نێو ئەوهێزە سـیاسـیانەی حوكمی وڵاتی هەكاریان پێ سپێردراوە، ناوچەی عەممادییە و قەڵاكانی سەر بە حاكمی موصڵ بووە، عزەددین ئایبەكی مەملوكی لەوێ حوكمی كردووە(12)، بە گوێرەی دەقە مێژووییەكان ناوچـەی عەممادییە و عەقرە و شـوش دەسـتی هێرش و داگیركارییەكانی مەغۆل دوای ڕووخانی بەغدا نەی گەیشتووتێ، عزەددین ئایبەك بۆ پاراستنی دەسەلاتەكەی وەلای بۆ ئەباقای كوڕی هۆلاكۆ(663_ 680ك/) نوێ كردووەتەوە، بۆ ئەوە چـووەتە مەراغەی پایتەخت(13)، بە دیاریكراوی باس لە قەڵاكانی زاخۆ لەو سـەروبەندەدا نەكراوە، بەڵام زۆر ڕێی تێدەچـێ لە ژێر نفووزی حاكمی عەممادییە بووبێ و بە هەمان شـێوە ڕووبەڕووی هێرشی مەغۆل نەبووبێتەوە.

لە سـالّی (657ك/ 1259ز) هۆلاكۆ بۆ ناوچـەی جزیرە و شـام دەسـتی بە هێرش و هەڵمەتێكی سـەربازی كرد، پەیامی بۆ بەدرەددین لوئلوئی حاكمی موصـڵ نارد تا بەگەڵ هەڵمەتەكە بكـەوێ، ئـەویش لـەبـەر ئـەوەی خۆی پیر ببوو، مـەلیك صـالّح ئیسـماعیلی كوڕە گەورەی خۆی نارد، هۆلاكۆ تێیدا هێرشـی بۆ چـیاكانی هەكاری و شـاری خەلات برد، رەشـیدەددین هەمەدانیی مێژوونووسـی دەرباری مۆغۆلی ئیلخانی لەو هەڵمەتەدا گوتویە چیاكانی هەكاریی شوێنی كوردە گومڕاكان، لەوهێرشەدا مەغۆل بۆ شـارەكانی جزیرە بەتایبەتی بۆ میافارقین و نصـێبین و حەڕڕان و روها پێشـڕەویی كرد(14). لێرەدا دەركەوتووە لەبەر ئەوەی لە چـیاكانی هەكاری چـالاكی سـیاسـی هەبووە، مەغۆل بۆ دامركاندنەوەی هێرشـی بۆ بردووە، لەلایەكی دیكەوە لە ژێدەرەكان باسـی ئەوە نەكراوە عەممادییە و قەڵا و دژەكانی زاخۆ بەر هێرش كەوتبن، لەبەر ئەوە لێرەدا تەواوی ناوچـەی عەممادییە و قەڵاكانی دەوروبەری پارێزراو بوون.

لە هەمان ساڵدا بەدرەددین لوئلوئی حاكمی موصڵ وەفاتی كرد، بە گوێرەی وەسـیەتی مەملەكەتی بۆ سـێ بەش دابەش كرد، كوڕە گەورەكەی مەلیك صـالّح موصـڵی بەركەوت، كوڕی دووەمی عەلائەدین شـنگال و سـەیفەددین ئیسحاق كوڕی سـێیەمی جزیرەی بەركەوت، دواجار هۆلاكۆش دانی بەو دابەشـكردنە نا(15)، وەكو ڕوونە ئەو دابەشـكردنە هیچـی لە بارودۆخی عەممادییە و دەڤەری زاخۆ نەگۆڕی، چـونكە عەممادییە و قەڵاكانی بە زاخۆشـەوە هەر عزەددین ئایبـەك بـەڕێوەی بردووە، تـەنها لـە جیاتی بـاوك، كوڕ (مەلیك صالّح) جێگەی گرتووەتەوە.

لە راستیدا شکانی هۆلاکۆ لە شەڕی عەین جالوت لە ساڵی (658ك/ 1260ز) لە پێشڕەوی بۆ شام و میسر لەلایەن مەمالیکەکانەوە، لەلایەکەوە هێرشەکانی مەغۆلی وەستاند و شان و شکۆی شکاند، لەلایەکی دیکەوە هەڵویستی زۆر لە میر و سەرکردە و دەسەڵاتداری نزیکی سنووری خۆی لە بەرانبەر مەغۆل گۆڕی و گەلێ سەرکردە و میری ناوچەکە لایەنگرییان بۆ مەمالیك نیشان دا(16)، بە تایبەتی کوڕانی بەدرەددین کە هەر زوو بێجگە لە مەلیك صالح، دوو براکەی روویان لە میسر کرد، سوڵتانی بێبەرسی مەملوکی بە گوێرەی نوسراوێ کە دەقەکەی بەم شێوەیە:" موصلێ و ویلایەت و رستاقەکانی ...عەقرە و شوش و دەوروبەری و قەڵاکانی عەمادییە و وڵاتەکەی و کەواشی و وڵاتەکەی و هەرور و دەوروبەری و جلصورا و دەوروبەری.."(17)، لەگەڵ بەهێزبوونی هەڵوێستی دەوڵەتی مەملوکی، مەلیك صالح رووی لە میسر کرد، لەلایەکی دیکەوە عزەددین ئایبەکی حاکمی عەمادییە کە زانیی حاکمی جزیرە ئەوێ جێ هێشتووە و بۆ لای مەمالیك چووە، فرصەتی هێنا و بە سوپایەکی سێ هەزار چەکدارەوە رووی لەوێ کرد، بەڵام سوپایەکی مەغۆلی زوو بەوەی زانی و رووبەرووی بویەوە و شکاندی(18)، لەگەڵ ئەو شکاندنەش عزەددین ئایبەك توانیی دووبارە ڕەزامەندیی مەغۆل وەربگرێتەوە، لە کاتێکدا پێوەندی و پیلانێکی سیفەددینی کوڕی بەدرەددین حاکمی جزیرە لە میسر و بەرێوەبەری جزیرە دوای ڕۆیشتنی حاکمەکەی بۆ میسر جەمالەددین گۆڵبەغی مەملوکی سیفەددین بۆ مەغۆل ئاشکرا کرد، چونکە توانیی ئەو نامەیەی سیفەددین لە میسر بۆ گوڵبەغی ناردبوو بداتە سەرکردەی مەغۆلی ناوچەکە، بەم شێوەیە لە بەرانبەر ئەو کارەی عزەددین دووبارە توانیی حوکمی ناوچەکە وەربگرێتەوە(19).

کوڕانی بەدرەددین لە میسر خۆیان تەیار کردووە، کە هێرش بکەنە سەر موصلێ و لە مەغۆلی دابڕێنن، دوای ئەوەی مەلیك صالح چووە نێو موصلێ و خۆی بۆ بەرگری ئامادە کرد، کەچی بەرگەی سوپای مەغۆلی نەگرت و لە ئەنجامدا کوژرا، دوادارییی مێژوونووسی مەملوکی باسی لەوە کردووە، "دوای ئەمە دەوڵەتی کوڕانی بەدرەددین لە موصلێ و جزیرەی عومەری و دەوروبەری و عەقرە و شوش و قەڵاکانی عەمادییە و کواشی و وڵاتەکەی بە یەکجارەکی لە دەستیان دەرچوو(20)"، لەگەڵ ئەوەی موصلێ لە دەست لە کوڕانی بەدرەددین دەرچوو، کەچی عەمادییە و قەڵاکانی زاخۆ هەر لە دەست عزەددین ئایبەك ماوەتەوە، ئەگەر لەو هێرش و ململانێیەی نێوان دەوڵەتی مەغۆلی و مەملوکی سەنتەری شاری موصلێ زیانی بەرکەوت بێ، ئەوا عەمادییە و دەڤەری زاخۆ هیچ زیانێکی بەرنەکەوتووە.

لە ساڵی ( 667ك/ 1268ز) عزەددین ئایبەك دووبارە بۆ نوێکردنەوەی وەلائی چووەتە مەراغە و سەری لە ئەباقای کوڕی هۆلاکۆ داوە(21)، لە دوای ئەو سەردانە هیچ هەواڵێکی ئەو میرە دیار نییە و ژێدەرەکان باسیان نەکردووە، ئایا لە دەسەڵات هێنراوەتە خوار؟ ئایا وەفاتی کردووە؟ یان مەغۆل کوشتوویانە؟(22). پێناچێ مەغۆل کوشتبێتی، چونکە ئەو بەردەوام لایەنگیری و وەلائی بۆ مەغۆل دەربڕیوە، هەر چۆنێك بووبێ لەو ساڵەوە خەبەری دیار نییە.

عومەریی مێژوونوسی مەملوکی لە ریوایەتێکدا باسی لەوە کردووە، کە لە ماوەی ویلایەتی یەکەمی مەسعود بەرقوتی حاکمی موصلێ لە ساڵی ( 666- 668/ 1267- 1269ز) وڵاتی عەمادییە دابەش بووەتە سەر دوو میر، میر ئەبووبەکر و میر عەلی بوون. میر ئەبووبەکر دانی بە دەسەڵاتی مەغۆل نەناوە، بۆیە لە دژیان ڕاپەڕیوە و شۆڕشی ڕاگەیاندووە، تا مەسعود بەرقوتی بە هۆی پیلانێکەوە کووشتوویەتی، بۆیە میر عەلی بە تەنها عەمادییەی خستۆتە ژێر دەستی و لەکاتێکدا حاکمی هەروریش بووە(23). ئەمەی دەری خستووە، کە مەغۆل تا ئەوەندەی توانی بێتی هەوڵی داوە نوێنەری خۆی لە ناوچەکە دابنێ، نوێنەرانی موصلێ و مەغۆل ڕەچاوی بارودۆخی ناوچەکەیان کردووە، بەڵام مەرج نییە تاسەر ئەوەی بۆ جێبەجێ بووبێ، بە تایبەتی لە ئامادەگیی میری کورد لە ناوچەکە.

دوای ئەوە خەبەری عەمادییە و قەڵاکانی دەوروبەری (زاخۆ تیایدا) لە ژێدەرەکان دەست ناکەوێ، دوای ئەوە میرگەیەکی سەربەخۆ لە یەکێ لە بنەماڵەکانی هەکاری لەوێ گەشەی سەندووە و لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی میرگەیەکیان دروست کردووە(24). گومان لەوە نییە هەر کاتێ میرگەیەکی کوردی دوروست بووبێ، قەڵا و دژەکانی دەوروبەری بووژاونەتەوە و توانیویانە ئیدارەی سەربەخۆیی خۆیان بە دەست بێ، لەبەر ئەوە قەڵاکانی دەڤەری زاخۆ دووبارە چالاکی سیاسی بەخۆوە دیوە و خێڵەکانی بوونەتە خاوەن چەکداری سەربەخۆی خۆیان.

لە رووداو و ریوایەتە مێژووییە گشتییەکانی سەردەمی دەوڵەتی مەغۆلی دەتوانین سەبارەت بە دەڤەری زاخۆ ئەمانەی خوارەوە دەربخەین:

1.4. قەڵاکانی دەڤەری زاخۆ لەرووی ئیدارییەوە سەر بە یەکەی ئیداری عەمادییە بووە، کە نزیکترین قەوارەی سیاسیی دەڤەرەکە بووە، عەمادییەش سەر بە وڵاتی هەکاری بووە.

2.4. دوای رووخانی بەغدا لە ساڵی (656ك/ 1258ز) قەڵا و دژەکانی دەڤەری زاخۆ رووبەرووی شاڵاو و هێرشەکانی مەغۆل نەبووەتەوە، چونکە وەك چۆن بەدرەددین لوئلوئی حاکمی موصلێ وەلائی بۆ مەغۆل ڕاگەیاندووە، عزەددین ئایبەك حاکمی عەمادییە ئەویش وەلائی ڕاگەیاندووە، کە قەڵاکانی دەڤەری زاخۆ سەر بەو بوون.

3.4. نیمچە ئارامیی سیاسیی دەڤەری زاخۆ رۆڵی ئیجابیی هەبوو لە گەشەسەندن و بووژانەوەی خێڵ و قەڵاکانی، هەرچەندە پێشتر میر و سەرکردەی خێڵەکان بە تایبەتی مەهرانی روویان لە دەوڵەتی ئەیوبی کردبوو، کەچی خێڵی دیکە توانی شوێنی بگرێتەوە بە تایبەتی خێڵی سندی، کە توانیی لەو بارودۆخە خۆی رێك بخاتەوە و دواتر ببێتە میرگەیەکی سەربەخۆ.

4.4. دوای دەرچوونی موصڵ لە ژێر دەسەڵاتدارییەتی کوڕانی بەدرەددین، دەڤەرەکە رووبەرووی هێرش و داگیرکاریی مەغۆل نەبوویەوە، چونکە نوێنەری موصڵ عزەددین ئایبەکی حاکمی عەممادیە توانیی وەلائی خۆی بۆ مەغۆل بپارێزێ و دەڤەرەکە نەکەوێتە ریزی یاخیبووان لە مەغۆل.

5.4. پێدەچێ دوای دیارنەمانی عزەددین ئایبەك لە ساڵی (668ك/ 1269ز) و بە دواوە، لە هەمان کاتدا بوونە موسڵمانی سوڵتانی مەغۆلی ئیلخانی بە تایبەتی سوڵتان ئەحمەد تەکۆدار(680_683ك/) و بووژانەوەی میرە کوردەکان لە ناوچەکانیان، دەڤەرەکە بووژانەوەی بەخۆوە دی بێ، بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئیلخانی کە لە عەممادییە میرگەیەکی سەربەخۆ دروست بوو، وایکرد لە دەڤەرەکانی دیکە خێلە کوردییەکان بکەونە خۆ تا لە قەڵا و دژەکانیان ئیداری خۆیان بکەن. لەبەر ئەوە وجودی قەڵا و دژە سەربەخۆکانی دەڤەری زاخۆ لە سەردەمی دەوڵەتی جەلائیری بەرهەمی بووژانەوەی کۆتاییەکانی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانییە.

## 5. قەڵاکانی زاخۆ لە سەردەمی جەلائیری

لە مێژووی ئیسلامیدا نەمان و کزبوونی دەوڵەتی مەرکەزی یا دروستبوونی چەند قەوارەیەکی دیکە لە پاڵ دەوڵەتی مەرکەزی و ململانێکانیان وای کردووە، میرگە و قەڵا کوردییەکان بگەشێنەوە و بڕیاری سیاسیی سەربەخۆیان هەبێ، لەگەڵ وجودی دەوڵەتی مەرکەزیش ئامادەگییان تێدا هەبووە، تا مومارەسەی سەربەخۆیی خۆیان لە دەڤەرەکانیان بکەن. وەك دەرکەوتووە لە زۆربەی سەردەمەکاندا قەڵا و جوگرافیای خێڵە کوردییەکان ملکەچکردنی سەخت بووە. لەلایەکەوە گیانی ئازادیی تاکی کورد لە نێو خێڵەکەیدا و لە لایەکی دیکەوە ژینگە و هەرێمی کوردان سەربەخۆیی لە نێو قەڵەمڕەوەکەیدا پێ داون.

لەبەر ئەوەی سوڵتان ئەبوسەعید(716_736ك/) دوا سوڵتانی دەوڵەتی ئیلخانی هیچ نەوەیەکی نەبوو، پاش مردنی لە ساڵی (736ك) دەوڵەتەکەی بەرەو نەمان چوو. میر و سەرکردە ئیلخانییەکان لە زەویی بەرفرەوانی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی کەوتنە ململانێ، دواجار دەوڵەت بۆ چەند دەوڵەتێکی دیکە دابەش بوو. کوردستان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی خێڵی جەلائیر کە لە سەردەمی هێرش هۆلاکو بۆ ئێران و خەلافەتی عەبباسی رۆڵی کاریگەریان لە سوپای مەغۆلی هەبوو. لەبەر ئەوە دەوڵەتی جەلائیری بە عەمەلی ئیدارەی زۆربەی کوردستانی کەوتە سەرشان، کە تیایدا بە هۆی ململانێکانەوە سوڵتانەکانی جەلائیری تا رادەیەکی زۆر مامەڵەی دۆستانەیان لەگەڵ کورد کردووە.

دەوڵەتی جەلائیری لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچی/ پازدەی زایینی رووبەرووی هێرش و داگیرکارییەکانی تەیمور لەنگ بوویەوە و لە هەر سێ شالاویدا تەیمور لەنگ بە دوای گرتنی سوڵتان ئەحمەدی جەلائیری بوو، کە تیایدا کورد لە هەندێ شوێن کەوتنە بەر تاڵان و هێرشی تەیمور لەنگ و لە هەندێکی دیکەدا لەسەر قەڵا و ناوچەکانیان مانەوە، مەڵبەندی هەکاریی قەڵەمڕۆی میر عزەددین شێر پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ تەیمور لەنگ و کوڕ و نەوەکانی هەبوو، هەتا سەرچاوە فارسییەکانی دەرباری تەیمورییەکان ناوی میر عزەددین_یان بە مەلیکی کوردستان ناوبردووە(25)، بە مردنی تەیمور لەنگیش پایەی میرە کوردەکان لاواز نەبوو، سوڵتانی جەلائیری لەبەرگەشەسەندنی قەوارەی قەرەقۆیونلو لە کوردستان بایەخی بە میر و خێڵە کوردەکان داوە، هەندێ خێڵ راستەخۆ هاوکاریی سوڵتانی جەلائیریی کردووە(26).

دەڤەری زاخۆ بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە زەوییەکی هێندە گەورەی نییە، کەچی لە سەردەمی جەلائیری هەندێ قەڵا و خێڵی بەرفرەوانی بە خۆوە دیوە و لە ناوچەکە بایەخی سیاسیی گرنگیان هەبووە، ئەو قەڵا و خێڵانەی ناوچەکە تا رادەی میرگەیەك هەنگاویان ناوە، لە بڕیاری سیاسی خۆیان سەربەخۆ بوون، بۆیە پێدەچێ توانی بێتیان لەگەڵ ئەوانەی ویستویانە پێوەندی ببەستن. جێگەی ئاماژە پێدانە سەرچاوە فارسییەکانی سەردەمی جەلائیری و تەیموری ئیشارەیان بە قەڵا و خێڵەکانی دەڤەری زاخۆ نەکردووە، لە لایەکەوە لێ دوور بوون و لە لایەکی دیکەوە بارودۆخی سیاسی هێندە نەبوەتە بایەخ پێدانی ئەو سەرچاوانە، کەچی سەرچاوە مەملوکییەکان بە وردی بارودۆخی ئەو ناوچانەی کەوتبوە سنووری رۆژئاوایان گرنگییان پێ داوە، لەبەر هەیمەنەی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی و مەترسییەکانی جەلائیری و دواتر تەیموری ویستویانە دەسەڵاتدارییە ناوخۆییەکان گەشە پێ بدەن تا ببێتە لەمپەرێ بۆیان و لە هەمان کاتدا ئاگەداریی جموجولەکانیان بن.

لە راستیدا لە سەردەمی جەلائیری میرگەی هەکاری بوژایەوە و لە هەمان کاتدا لە قەڵەمڕەویدا هەر وەك سەرچاوە مەملوکییەکان باسیان کردووە، میرگەی عەمادیە گەورە و فراوانتر بوو، لە رووی سەربازییەوەش گەشەی سەند، ژمارەی سەربازانی گەیشتە چوار هەزار، دەوڵەتی مەملوکی دانی بە دەسەڵاتی نا، پێوەندی و نامەگۆڕینەوە لە نێوانیان هەبوو، پاسەوانی رێگەی بازرگانی کە هەرێمی جەزیرە بە هەرێمەکانی رۆژهەڵات دەبەستەوە کەوتبووە ئەستۆی میرگەکە(27)، لەگەڵ ئەوەی کە هێشتە دەسەڵاتی بەسەر

قەلاکانی نیروە و شـەعبانیە وهارون نە سـەپاندبوو، هەر قەلایەك لەمانە بنەماڵەی فەرمانڕەوای خۆی هەبوو(28).

وەك دەرکـەوتووە لـەگـەڵ ئـەوەی میرگـەی عـەمـادییـە خـاوەن دەسـەڵاتێکی بەرفرەوانی ناوچـەکە بووە، کە لەرووی سـیاسـییەوە نزیکترین پێگە بووە لە دەڤەری زاخۆ ، کەچـی قەلاکانی سـەربەخۆ بوون، هەتا میرگەی عەمادیە نەیتوانیوە دەسـەڵاتی بەسـەر بسـەپێنێ، بۆیە لە لایەکەوە ئەو سـەربەخۆییەی بەرانبەر دەوڵەتی مەرکەزی و میرگەی دیکەی کورد رەگێکی مێژوویی هەبووە کە ئەو دەڤەرە خاوەنی میرگە و قەلای خۆیان بوون لەوانە مومتەلەکاتی خێڵ و میرگەی مەهرانی و هەم خێڵەکانی نەیانویستووە دەسەڵاتیان بەسەر فەرز بکرێ.

قەلای شـەعبانیە کە لە قەلاکانی چـیای هەکاری بوو(29)، یەکێکە لە گرنگترین ئەو قەلایانەی لە سـەردەمی جەلائیری پێگەیەکی سیاسی سەربەخۆی هەبووە و خاوەنەکەشی میر حوسامەدین میر مست (؟) سندی بووە(30)، سندیەکان لە سەردەمی جەلائیریدا لە هۆزە کوردیە گەورە و ناسـراوەکان بوون ، بەپێی خەملاندنی عومەری ژمارەی چـەکدارانی گەیشـتۆتە سـی هەزار(31)، و مەقریزیش جەخت لە زۆری ژمارەی ئەندامانی کردووەتەوە(32). لە راسـتیدا سـی هەزار چـەکدار ژمارەیەکی یەکجار زۆرە، ئەگەر وا بوایە، نەك موصڵ، دەبووە جێگەی مەترسی دەوڵەتیش.

دەبێ ئـامـاژە بـەوە بـکـەین ئـەوەی عومـەری لـەبـارەی ژمـارەی چـەکدارانی سـندی باسـی کردووە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ژمارەی سـەربازان و چـەکدارانی میرگەکانی دیکەی کوردی هەمان سـەردەم لە راسـتیدا ژمارەیەکی یەکجار زۆرە و بگرە ژمارەی سـوپایەکی گەورەیە، رەنگە ژمارەی چەکدارانی تەواوی قەلا و هۆز و خێلی دەڤەر و ناوچەکەی مەبەست بووبێ.

یەکێك لەو قەلایانەی کە وەکو میرگەیەك تەماشـا کراوە، قەلای محەممەدیەیە کە شـارۆچـکەیەکە دەکەوێتە ناوچـەیەکی شـاخاوی رۆژهەڵاتی حەسەنییە (زاخۆ)، شوێنەکەی بە تەواوی دیار نەکراوە، ئیبن کەسیر لە باسی ژیانی شێخ خزری کوڕی ئەبی بەکری کوردی مەهرانی کە لە (676ك/1275ز مردووە) گوتویە: "دەڵێن کەوا بنەچـەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گوندی محەممەدیەی سەر بە جەزیرەی ئیبن عومەر"(33)، هەرچـی ئیبن حەوقەلە کە خۆی سـەردانی محەممەدییەی کردووە، ئاماژەکانی وای دەرخسـتووە کە گوندێکە لە شـارۆچـکەی داسـن (داسـنیا-ناوچـەی دهۆك و زاخۆ) لە نزیك چیایەکی مەزنی بەرز لەسـەر زێی گەورە(34)، لە کتێبی مەسـالیك ئەلئەبصـاری عومەریی مێژوونوسـی مەملوکی میسـردا هاتووە کە محەممەدیە هۆزێکی کوردیە لەگەڵ هۆزەکانی سـندی و بوختی و داسنی لە هۆزەکانی وڵاتی داسن ناوی هاتووە(35).

محەممەدیە لە سـەردەمی جەلائیریدا سـەنتەری میرگەیەکی کوردی بچـوك بووە، کە ژمارەی پیاوانی میر شـیروین خاوەنی محەممەدیە لە سـەرەتای سـەردەمی جەلائیریدا نزیکەی شـەش سـەد کەس بووە(36)، لە ناوەڕاسـتی سـەدەکە شـارۆچـکەکە لە ژێر دەسـتی شێخ محەممەد بوو(37).

هەروەها قەلای شـرانش(38) لە کۆتاییەکانی سـەردەمی جەلائیری خاوەن پێگەیەکی سـیاسـی خۆی بووە، میر تەوەکول کوردی خاوەنی بووە، کە لەگەڵ میرە کوردەکانی دیکەی هاوسـەردەم و نزیکی لە سـاڵی (817ك/1414ز) بەشداریی هێرشـی سـەر کوردە ئێزیدییەکانی لالشـی کردووە، گۆڕی شـێخ عەدەی کوڕی موسـافری هەکاریی شێخی ئێزیدییەکانیان هەڵکۆڵیوە و سووتاندویانە(39).

سەرباری قەلای دیکە هەروەها قەلای رەبیە یان رابیەی مەهرانی کە قەلایەکە لە چـیای هەکاریی رۆژهەڵاتی موسـڵ، لە قەلاکانی هۆزی مەهرانی (میرانی) بووە لە سەردەمی عەباسی(40). خاوەنەکەشی لە سـەردەمی جەلائیریدا شـەمسـەدین کوڕی بەهائەددین بووە، لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ کە لە میرانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای عەمادیە و دەوروبەری بووە(41). لە رووی دەسـەڵاتی سیاسـییەوە وەك لە دەقە مێژووییەکان دەرکەوتووە، سـەرکردایەتی و سـەرداریەتی دەڤـەری زاخۆ لـە دوا دواییـەکـانی سـەردەمی عـەبباسـی لـە مەهرانییەکانوە بۆ سـندیەکان گوازرابێتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی زۆربەی زۆری میر و گەورەکانی مەهرانی پێوەندیان بە سوپای ئەیوبی کردووە(42).

لە سەردەمی جەلائیری قەلاکانی دەڤەری زاخۆ لەرووی سیاسییەوە خاوەن سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی نێو قەلا و دەڤەرەکانیان بوون، لە مێژووی قەلا و هۆزەکان ئەو ئیشـارانەی خوێندراوەتەوە کە پاڵپشتی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی_یان کردووە، بریتین لە:

1.5: یەکەم/ پایەی میری کوردی لە نێو قەلا و دژەکانی دەڤەری زاخۆ هەبووە، کە وجودی میر لەو دەڤەرە هەر لە سـەردەمی عەبباسـییەکانەوە دەرکەوتووە، وەك چـۆن لە ناوچـەکانی دیکەی کوردستان زیاتر لە میرێك هەبووە، لەوێش چەند میرێك ناوچەکەیان بەڕێوە بردووە.

2.5: دووەم/ سوپا و چەکداری سەربەخۆی تایبەت بە قەلا و خێڵ هەبوون، هەتا ئەو چـەکدارانە راسـتەوخۆ پابەندی بڕیاری میری قەلا و دژەکان بوون.

3.5: سـێیەم/ بوونی قەلا وەکو سـەنگەرێکی بەرگری و شـوێنی دامەزراوەکانی میر و ئیدارەی ناوچەکە.

4.5: چوارەم/ دەڤەر و سنووری قەڵەمڕۆی سەربەخۆ و جوگرافیای دیاریکراوی قەلا و خێڵەکان.

## 6. ئەنجام

دەتوانین بە شـێوەیەکی گشـتی ئەنجامەکانی باسـەکە لەم چـەند خاڵەدا بخەینەڕوو:

یەکەم: دەڤەری زاخۆ ژمارەیەك خێڵی گەورەی کوردی لێ بووە ، لەوانە خێڵی هەکاری و سـندی و مەهرانی و سـینی و رەهزادی و تیرەی دیکە. هاوکات خاوەنی چـەندان قەڵا و دژی پتەو و گەورە بوون، لەوانە قەڵای حەسەنییە و شابانی (شەعبانی) و زەعفەران و باجلایا و ئەرامدەشت و کواشی و شرانش و رابیە و ئەلقی و فەرەح و سـروە و جەراحیە و محەممەدییە و سـەرباری هەندێ قەڵای بچووکی دیکە.

دووەم: رۆیشـتنی میر و سـەرکردە کوردەکانی میرگەی مەهرانی بۆ دەوڵەتی ئەیوبی وای نەکردووە، دەڤەرەکە بکەوێتە بۆشـایی سـیاسـی، چـونکە هەر زوو قەڵا و دژەکانی خێڵی سـندی جێگەی گرتووەتەوە، توانیویانە بێنە گۆڕەپانی سیاسی لە ناوچەکە.

سـێیەم: دەڤەری زاخۆ لە سـەروبەندی هێرش و داگیرکارییەکانی مەغۆل بۆ جیهانی ئیسـلامی لە ژێر نفوزی ئەتابکییەتی موصـڵ یەکلابوویەوە و کەوتە ژێر دەسـەڵاتی نوێنەرانی بەدرەددین لوئلوئی حاکمی موصـڵ، کە عزەددین ئایبەك وەکو نوێنەری بەڕیوەی بردووە، لـەو هێرش و هـەڵمـەتـانـە دەڤـەری زاخۆ رووبـەرووی داگیرکاریی مەغۆل نەبۆوەتەوە، چـونکە نوێنەرایەتی سـیاسـیی و چارەنووسی تا ڕادەیەکی زۆر بە موصڵەوە پابەند بووە. هەروەها ئەوەی کوڕانی بەدرەددین بە پێچەوانەی باوکان چوونە میسر و لە مەغۆل یاخی بوون، مەغۆل بە توندی بەرپەرچی دانەوە و موصڵ لە ژێر دەسـەڵاتدارییەتی کوڕانی بەدرەددین دەرچـوو، دیسـان دەڤـەرەکـە رووبـەرووی هێرش و داگیرکـاریی مـەغۆل نـەبوویـەوە، چـونکە نوێنەری موصـڵ عزەددین ئایبەك توانیی وەلائی خۆی بۆ مەغۆل بپارێزێ و دەڤەرەکە نەکەوێتە ریزی یاخیبووانی مەغۆڵ.

چـوارەم: عزەددین ئایبەك ماوەیەکی باش حوکمی عەممادییە و قەڵاکانی زاخۆی کردووە، ئەو لە ناوخۆدا کێشـەی نەبووە، بۆیە پێدەچـێ تاڕادەیەك ئازادیی بە خێڵە کوردییەکان دابێ، بۆیە دیارنەمانی عزەددین ئایبەك لە سـاڵی (668ك/ 1269ز) و بە دواوە، میرە کوردەکان لە ناوچـەکانیان بووژانەوە، ئەمەش وای کردووە دەڤەری زاخۆ بووژانەوەی بەخۆوە دی بێ، بە تایبەتی لە کۆتاییـەکـانی دەوڵـەتی ئیلخـانی کـە لـە عـەممـادییـە میرگـەیـەکی سـەربەخۆ دروسـت بوو، وایکرد لە دەڤەرەکانی دیکە خێڵە کوردییەکان بکەونە خۆ تا لە قەڵا و دژەکانیان ئیداری خۆیان بکەن.

لەبەر ئەوە وجودی قەڵا و دژە سـەربەخۆکانی دەڤەری زاخۆ لە سـەردەمی دەوڵەتی جەلائیری بەرهەمی بووژانەوەی کۆتاییەکانی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانییە.

پێنجەم: بە هۆی کزبوونی ڕۆڵی دەوڵەتی مەرکەزی لە سـەردەمی دەوڵەتی جەلائیری، قەڵا و دژەکانی دەڤەری زاخۆ بووژانەوە و میر و سـەرکردەی گەورەی لێ هەڵکەوت، کە خاوەنی سـەربەخۆیی نێو قـەڵا و دژەکـانیـان بوون، هـەروەهـا خـاوەنی ژمـارەیـەکی زۆری چـەکداری تایبەت بە خۆیان بوون بە تایبەتی خێڵی سـندی لە دەڤەرەکە.

## 7. پەراوێز

1 _ معجم البلدان: دار صـادر، (بيروت: د/ ت)، ج/5، 408. د. درويش يوسـف هروري: بلاد هكاري، الدار العربية للموسوعات، الطبعة الأولى، 2006، 17

2 _اللباب في تهذيب الانسـاب، مكتبة المثنى، (بغداد: د/ ت) ج/3، 390. درويش يوسف هروري: بلاد هكاري: 18

3 _ درويش يوسف هروري: بلاد هكاري: 19

4 _ زرار صـديق توفيق: القبائل و الزعامات القبلية الكردية في العصـر الوسـيط، أربيل، الطبعة الأولى ، 2007، 165

5 _دەوڵەتی خوارزمی: نۆشـتەکین دامەزرێنەری دەوڵەتی خوارزمییە لە هەرێمی خوارزم لە ناوەڕاستی ئاسیا، کە مەملوکێ بووە میرێکی سەلجووقی کرِیویەتی و پۆستی تەشتداری پێ داوە، کە کاری سەرپەرشتی دەشت شوشتن و جل شوشتن و کاروباری نوێژکردنی سولتان بووە. دواتر لە ساڵی (490ك/ 1096ز) کراوەتە حامکی هەرێمی خوارزم لەوە ناوی خوارزمشـایان پێ دراوە، دوای ئەوەی سەلجوقی دەسەڵاتیان رووی لە لێژی کرد، ئەوان زوو بوونە جێگرەوەیان و لەسەر پاشماوەی دەوڵەتی سەلجوقی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئێران ئیمپراتۆرییەتێکی فرەوانیان دروست کرد، لەسەردەمی سوڵتان عەلائەددین مومتەلەکاتی دەوڵەتەکە لە رۆژئاواوە لە سنووری عیراقی عەرەبی تا سنووری هیند لە رۆژهەڵات و باکووری دەریای قەزوین و دەریای ئۆرال باکووری بووە و زەریای هیندی و کەنداوی فارس باشوری بووە. لە ساڵی (614ك/1217ز) هەڕەشەیان لە خەلافەتی عەبباسی لە بەغدا کردووە، بەڵام هێرشـەکانی مەغۆل بە سـەرکردایەتیی چـەنگیزخان لە سـاڵی(616ك/1219) دەوڵەتەکەی روووی لە لێژی کرد و دواتر جەلالەددینی کوڕی لە سـاڵی (628ك/1231ز) لە کوردسـتان کوژرا و بە یەکجارەکی دەوڵەتەکە لە ناوچـوو. بڕوانە: النسـوی(639هـ/ 1241م): سـيره جلالدين منكبرتی، تحقيق: حافف حمدی، القاهره، 1953م. عبد علی ياسـين: العراق فی عهد المغول الايلخانيين من (656/ 736هـ) رسـاله دكتوراه (غير منشـوره)، كليه اللغه العربيه، جامعه الازهر، (1978م)، 8_9

6 _چـەنگیزخان: ناوی تمۆجین کوڕی یەسـوکای بەهادورە، لە سـاڵی (549ك/ 1154ز) لە مەغۆلستان لە دایکبووە، دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی خێڵی قیاتی وەرگرتووە، دوای ئەوەی لە نێو خێڵە مەغۆلەکان کەسـایەتیی و دەسـەڵاتی سـەپاند، لە سـاڵی (603ك/ 1206ز) لەلایەن ئەنجوومەنی سـەرۆکانی خێڵە مەغۆلییەکان وەکو خانی مەزن هەڵبژێردرا، دوای ئەوەی ئیمپراتۆرییەتی چـینی رووخاند رووی لە دەوڵەتی خوارزمیی ئیسلامی کرد، لە ساڵی (624ك/ 1226ز) مردووە. بڕوانە: الجويني: (ت 681هـ/1282م): تاريخ جهانكشاي، ج1، باهتمام محمد عبد الوهاب القزويني، مركز نشـر انتشـارات اسماعيليان، تهران (بي، ت) ص25_ 105. عباس اقبال اشـتياني: تاريخ مغول، موسـسـة انتشـارات نطاه ، تهران، 1389، ضاث دوم، 29_ 30، 83

7 _ برِوانة: عبدالحليم عبدالله فارس العزاوي: دور الكرد في مقاومة الغزو المغولي، رسالة ماجستير(غير منشورة) كلية الاداب، جامعة بغداد (بغداد، 2007) 122_ 124

8 _درويش يوسف هروري: بلاد هكاري، 161

9_ الكامل في التاريخ، دار بيروت للطباعة والنشــر، (بيروت: 1982)، ج/ 12، 448_ 449. درويش يوسف هروري: بلاد هكاري، 161

10_ رشـــيدالدين فضـــل الله الهمذاني: جامع التوارخ، ترجمة: فؤاد عبدالمعطي الصياد(بيروت: دار النهضة العربية، 1983) ج/2، ق/1، 193. عبدالحليم عبدالله فارس العزاوي: دور الكرد في مقاومة الغزو المغولي، 79

11 _ زرار صديق توفيق: القبائل و الزعامات، 113، 164

12_ ابن العبري: تاريخ الزمان،ترجمة: الاب اســحق ارملة، المكتبة الشــرقية، (بيروت: 1991)، 321 . دةرويش يوسف هروري: بلاد هكاري، 168

13_ ابن الفوطي: مجمع الاداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم، موســسة الثقافة والإرشاد الإسلامي، (طهران: 1416ه)، ج/ 1، 101

14 _ جامع التواريخ: ج/1، 305_ 306

15_ابن العبري: تاريخ مختصــر الدول، المطبعة الكاثوليكية، (بيروت: 1958)، 279

16 _ درويش يوسف هروري: بلاد هكاري، 172

17_ ابن عبدالظاهر: الروض الظاهر في ســيرة الملك الظاهر، تحقيق: مراد كامل، وزارة الثقافة و الارشـــاد القومي، (القاهرة: 1961) ، 115. اليونيني: ذيل مراة الزمان، مطبعة المعارف العثمانية، حيدر اباد الدكن، (الهند: 1954) ج/ 1، 495. المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر احمد العطا، دار الكتب العلمية، (بيروت: 1997)، ج/ 1، 536

18_ ابن العبري: تاريخ الزمان، 320_ 321

19_ ابن العبري: تاريخ الزمان، 323

20_ كنز الدرر و جامع الغرر، الدرة المضــيئة في اخبار الدولة التركية، ج/ 8، تحقيق: اولرخ هارمان، (القاهرة: 1971)، 90 اليونيني: ذيل مراة الزمان، ج/ 1، 495 . درويش يوسف: بلاد هكاري، 175

21 _ ابن الفوطي: مجمع الاداب، ج/1 ، 100_ 101

22_ درويش يوسف: بلاد هكاري، 179

23_ ابن فضــل الله العمري: مســالك الابصــار في ممالك الامصــار، تحقيق، كامل سلمان الجبوري، دار الكتب العلمية، (بيروت: 2010)، ج/3، 205- 206

24 _ لةبارةي ســةرةتاكاني ميرطةي عةمماديية بروانة: شــرفخان البدليســي: شــرفنامه، ترجمة: محمد جميل الروزبياني، موســسة موكرياني للطباعة،(أربيل: 2001)، 253. زرار صديق توفيق: كردستان في القرن الثامن الهجري: مطبة وزارة الثقافة (أربيل: 2001)، الطبة الأولى، 136_139 . درويش يوســف: بلاد هكاري، 191

25_ دان پیانانی تەیمورلەنگ بە میر عزەددین شێر و ناونانی بە پاشای گشتی کوردستان، پلە و پایە و شکۆیی میری هەکاریی لە سەردەمی جەلائیری نیشان داوە، کە لەناوچەکانیدا توانیویەتی سەروەری نێو قەلا و شار و شارۆچکەکانی بپارێزێ. بروانە: نظام الدين شــامي: ظفرنامه، با اهتمام: فلكس تاور، المطبعة الامريكية،(بيروت:1937)، ص103-104. خوافي: مجمل فصــيحي، تصــحيح: محمود فرخ، كتابفروشــى باســتان، ضــاث طوس،(مشــهد:1339ه.ش).، ج3، ص127، 182، 191. البدليســي: شــرفنامة، ص234. ,137, 142, 144 203

26_ زرار صديق: كردستان في القرت الثامن الهجري، ص 255_ 256

27_ابن فضــل الله العمري: مســالك الابصــار، ج /3، 205. القلقشــندي: صــبح الاعشى في صناعة الانشا، علق عليه: محمد حسن شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت: 1980)، 378/4.

28_ ابن ناظر الجيش، (ت 786هـــ/1384م): تثقيف التعريف، نسخة مصورة على المايكوفلم، رقم (1797)، مكتبة الدراســات العليا، كلية الاداب/ جامعة بغداد.45. القلقشندي: صبح الاعشى، 375/7، 378-379.

29_تاكو ئێستا ئاشماوةكةى بة (كةلا شابانيا) دةناسرىَ، لة نزيك شارۆضكةى باتوف (باطوفة)ى سةنتةرى ناحيةي زولى (الظولى)، قةزاى زاخۆ/ ثاريَزطةى دهۆكة. زرار صديق توفيق: كردستان في القرن الثامن، 173

30_ ابن ناظرالجيش: تثقيف التعريف، ص 46 . صـــبح الاعشـــى، 310/7. سـندى لة (تثقيف) بووة بة (السـنى) لة (صـبح الاعشـى) بووة بة (السـينى) و مير مست لة (صبح الاعشى) بووة بة ميرى مير مرى. زرار صديق: هةمان ذيَدةر

31_مسالك الابصار، 134/3. صبح الاعشى، 378/4.

32_السلوك، 294/1/4.

33_ البداية والنهاية، دار ابن كثير،(بيروت:1967). 3/278.

34_ صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت 1979م. 260.

35_ابن فضل الله العمري: مسالك الابصار، 206/3. القلقشندي: صبح الاعشى، 378/4.

36_ابن فضل الله العمري:مسالك الابصار، 206/3. القلقشندي: صبح الاعشى، 378/4.

37_ابن ناظر الجيش: تثقيف التعريف، ص 46. القلقشــندي: صــبح الاعشــى، 311/7.

38_ شرانش ئێستاکە گوند و قەلایەکە لە دووری 20کم باکووری شاری زاخۆ لە نزیك سنووری تورکیا، سەنتەری ناوچەی سندی بووە پێش ئەوەی بگوازرێــتەوە بۆ گوندی درکار نزیکی. زرار صــديق توفيق: كردســتان في القرن الثامن الهجري : 171

39_المقريزي: الســلوك، 293/1/4-294.عبد الرزاق الحســني: اليزيديون في حاضرهم وماضيهم، ط11،(بغداد:1987) ،ص137-138.

40_ابن الاثير: الكامل، 344/8.

41_القلقشــندي: صــبح الاعشــى، 379/4، 310/7. و ناوى قةلآكةى لة (صـبح الاعشـى) بووة بة (الزيتية، الربية بة بىَ خالَ). دكتۆر زرار سديق ثيَي واية مةهراني هةمان هۆزي ميراني ئيَســتةن، زرار صــديق توفيق: كردســتان في القرن الثامن الهجري: 171

42 _زرار صديق: القبائل و الزعامات: 164

## 8. المصادر (ژێدەرەکان)


-ابن الاثير (عزالدين أبو الحسن الشيباني الجزري_630ه/ 1232م):

1- اللباب في تهذيب الانساب، مكتبة المثنى، (بغداد: د/ ت) .

2- الكامل في التاريخ، دار بيروت للطباعة والنشر، (بيروت: 1982).

- الجويني: علاالدين عطا ملك بن بهاءالدين محمد بن محمد(ت 681هـ/1282م): تاريخ جهانكشاي، ج1، باهتمام محمد عبد الوهاب القزويني، مركز نشر انتشارات اسماعيليان، تهران(بي، ت)

- ابن حوقل( ابو القاسم محمد بن علي النصيبي _ 367هــــ/978م): صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت 1979م.

- خوافي (فصيح احمد جلال الدين محمد بن نصير الدين يحيى- 849ه/1445م) :مجمل فصــيحي، تصــحيح: محمود فرخ، كتابفروشــى باســتان، ضــاث طوس،(مشهد:1339هـ.ش).

- الدوداري( ابوبكر بن عبدالله بة ايبك_736ه/ 1336م): كنز الدرر و جامع الغرر، الدرة المضــيئة في اخبار الدولة التركية، تحقيق: اولرخ هارمان، (القاهرة: 1971).

- شرفخان البدليسي( الأمير شرفخان البدليسي الروزكي_ 1010ه/ 1601م): شــرفنامه، ترجمة: محمد جميل الروزبياني، موســسة موكرياني للطباعة،(أربيل: 2001).

- ابن عبدالظاهر(محي الدين ابوالفضل نشوان المصري_ 692ه/ 1292م): الروض الظاهر في سيرة الملك الظاهر، تحقيق: مراد كامل، وزارة الثقافة و الارشاد القومي، (القاهرة: 1961).

- ابن العبري(أبو الفرج جمال الدين ابن تاج الدين الملطي_ 685ه/ 1286م): 1_ تاريخ الزمان، ترجمة: الاب اسحق ارملة، المكتبة الشرقية، (بيروت: 1991).

2-تاريخ مختصر الدول، المطبعة الكاثوليكية، (بيروت: 1958)

- ابن فضل الله العمري( أبو العباس شهاب الدين احمد بن يحيى_ 749ه/ 1348م): مسالك الابصار في ممالك الامصار، تحقيق، كامل سلمان الجبوري، دار الكتب العلمية، (بيروت: 2010)،

- ابن الفوطي(كمال الدين عبدالرزاق_ 723ه/ 1323م): مجمع الاداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم، موسسة الثقافة والإرشاد الإسلامي، (طهران: 1416ه).

- القلقشندي(ابوالعباس احمد بن على_ 821ه/ 1418م) : صبح الاعشى في صناعة الانشا، علق عليه: محمد حسن شمس الدين، دار الكتب العلميةن (بيروت: 1980)،

- ابن كثير(عماد الدين اسماعيل الدمشقى_ت- 774ه/1372م): البداية والنهاية، دار ابن كثير،(بيروت:1967).

- المقريزي(تقي الدين احمد بن على_ 845 ه / 1441م): السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر احمد العطا، دار الكتب العلمية، (بيروت: 1997) .

- ابن ناظر الجيش: عبد الرحمن محمد التميمي الحلبي (ت 786هـ/1384م): تثقيف التعريف، نسخة مصورة على المايكروفلم، رقم (1797)، مكتبة الدراسات العليا، كلية الاداب/ جامعة بغداد.

- النسوي: محمد بن احمد بن علي(639ه/ 1241م): سيرة جلالدين منكبرتي، تحقيق: حافظ حمدي، القاهرة، 1953م

- نظام الدين شامي (و- 807ه/1404م): ظفرنامه، با اهتمام: فلكس تاور، المطبعة الامريكية،(بيروت:1937).

- الهمذاني (رشيدالدين فضل الله_ 718ه/ 1318م): جامع التوارخ: ترجمة: فؤاد عبدالمعطي الصياد(بيروت: دار النهضة العربية، 1983)

- ياقوت الحموي (شهاب الدين بن عبدالله الرومي البغدادي_ 626ه/1228م): معجم البلدان: دار صادر، (بيروت: د/ ت).

- اليونيني (قطب الدين موسى البعلبكي_ ت726ه/ 1326م): ذيل مراة الزمان، مطبعة المعارف العثمانية، حيدر اباد الدكن، (الهند: 1954).

## 9. المراجع

_ درويش يوسف هروري: بلاد هكاري (دراسة سياسية حضارية 945_ 1336م)، الدار العربية للموسوعات،(بيروت: 2006) الطبعة الأولى

_ زرار صديق توفيق: 1_كردستان في القرن الثامن الهجري، موسسة موكرياني للطباعة و النشر، (أربيل: 2001) الطبعة الأولى.

2_القبائل و الزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، موسسة موكرياني للطباعة و النشر، (أربيل: 2007) الطبعة الأولى.

_ عباس اقبال اشتياني: تاريخ مغول، موسسة انتشارات نطاه، (تهران، 1389ش) ، ضاث دوم.

_ عبدالحليم عبدالله فارس العزاوي: دور الكرد في مقاومة الغزو المغولي، (656ه/1258م) رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد، (2007م).

_ عبدالرزاق الحسني: اليزيديون في حاضرهم وماضيهم، (بغداد:1987) ط11.

_ عبد علي ياسين: العراق في عهد المغول الايلخانيين من (656/ 736ه) رسالة دكتوراة (غير منشورة)، كلية اللغة العربية، جامعة الازهر، (1978م).

# الوضع السياسي لمنطقة زاخو خلال ثورة دولة المغول الايلخانيين و حتى انهيار دولة الجلائير (656_ 823هـ/ 1258_ 1420م)


**الملخص:**

كانت منطقة زاخو و قلاعها خلال عصـــر دولة المغول الايلخانيين و دولة الجلائيرية (656_ 823ك/ 1258_ 1420ن) ضـــمن أدارة المنطقة العمادية، لانها العمادية اقرب كيان سياسي قريب من المنطقة، وكانت ضمن قلاع بلاد هكاري وبالتالي هكاري كانت من اعمال الموصل.

برغم التحاق معظم أمراء المهرانية برجالهم بصفوف الايوبي، أحتفظت زاخو بقبائل كثيرة، مثل قبيلة السندي و المهرانية و السينية و الرهزادية و بطون أخرى، فيبدو من النصـوص التاريخية انتقلت الزعامة و السـيادة الى قبيلة أخرى هي السـندية في بداية العصـر المغولي، ووجدت بالمنطقة العديد من القلاع و الحصـون العسـكرية مثل قلعة الحسـنية والشـعبانية والزعفران وباجلايا واردامشـت وكواشـي وشـرانش والقي وفرح و سـروه و جراعية و قلاع أخرى، كانت تدار من قبل أمراء وزعماء القبائل الكردية.

واثناء هجمات مغول لكردســـتان و بعد ســـقوط بغداد بيد المغول ســـنة(656ه/ 1258م) لم تتعرض المنطقة لغرو المغول، لان حاكم العمادية عزالدين ايبك اعلن ولائه للمغول، وساد الولاء المنطة كلها وبقى المنطقة امنه بالنسبة لمناطق أخرى. ونشطت خلال العهد المغولي قبيلة السنية أصبحت احدى القبائل الكردية وكانت لها أملاك واسعة وقلاع كثيرة من حيث عدد مقاتله و اوفرهم مدد.

وفي أواخر العهد دولة مغول الايلخانية هناك بداية لظهور امارة كردية مستقلة في العمادية، التي مهدت الطريق لانبعاث قلاع و حصون منطقة زاخو.

وفي العهد الجلائيرية هناك كيانات مستقلة في المنطقة و صاحب قرار سياسي داخل القلاع والحصون.



**الكلمات الدالة:** قلاع و حصون منطقة زاخو، امارة مهراني، قبيلة السندي، دولة المغول الايلخانيين، ال دولة الجلائيرية.


## Political Status of Zakho District (Hassania) And Its Adjacent Citadels During the Ilkhani and Jalayeri Mogul States (6656 – 823 H./ 1258-1420 AD.)


**Abstract:**

Zakho district (Hassania) and its adjacent citadels during the IlKhani and Jalayeri Mogul states (6656 – 823 H./ 1258-1420 AD.) were linked administratively to Amadiya , which was the nearest political entity in the area. Amadiya itself belonged to Hakari as well. A great number of big clans such as Sindi, Mehrani, Sinni, Rehzadi, and other tribes were dwelling there. There were also many independent citadels and forts there such as Hassania, Shabani, Zafaran, Bajilaya, Eramdesht, Kuashi, Shiransh, Rabia, Elqi, Fereh, Sirwa, Jerrahia, and many other small fortresses in the area. During the Mogul attack and the fall of Baghdad (656 H/1258 AD.), the Zakho citadels and forts did not face the Mogul attacks because they were under the rule of the Attabecks of Mosul. As such, it is seen that Bedreddin Lu'lu'I, the ruler of Mosul has expressed his loyalty to the Moguls, Izzaddin Eibeck, the ruler of Amadiya and the representative of Lu'lu'I, followed suit and expressed his loyalty as well, and the citadel of Zakho district were under his control. Though the princes and tribal heads, especially the Mehrani ones, turned towards the Ayubbid State, other tribes such as the Sindi tribe that had many fighters could fill their place.

By the end of the IlKhani Mogul state there appeared an independent area in Amadiya on one hand. On the other hand, the independent citadels and forts in Zakho area and weakening the role of the central state during the Jalayeri state helped Zakho district to have its independent army and fighters related directed to the citadels and the tribes there; they were under the direct order of the princes of these citadels and forts.



**Keywords:** Zakho Citadel, Mehrani tribe, Sindi clan, IlKhani and Jalayeri Mogul states.